# ئێران تیرۆریستە یا پژاک،

# ئاغای زێباری!!؟؟



**مەولوود ئافەند**

چەند رۆژ پێش ئێستا بەرێز وەزیری دەرەوی عێراق هۆشیار زێباری کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی(عێراقی)شە،لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە بەغدای پایتەختی عێراق لەگەڵ وەزیری دەرەوی کۆماری ئیسلامی تێرۆریستی (ئێران) ئاغای عەلی ئەکبەر ساڵحی بە بی لەبەر چاوگرتنی هەست و ئازارەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان(ئێران)چاڵاکترین تەڤگەری سیاسی و چەکداری ئێستای مەیدانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان،پژاك (پارتی ژیانی ئازادی کوردستان)ی بە رێکخراویکی تیرۆریستی ناوزەدکرد،ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەبێ هیچ زەمینەیەك و ئەگەرێکی پێشوەخەت ئامادەکراو ئاغای هۆشیار زێباری لە هەودیتنێکی دیپلۆماسیدا ئەو لیدوانەی لە دژی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ورێکخراوی موجاهیدینی خەلق کە ئێستا لە شاری ئەشرەفدا نیشتەجیەن و ماوەی سالێك زیاترە کە رۆژانە بە بەردەوامی لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراق و بەشێکی لە سوپای پاسداران و هێزە شاراوەکانی قودس لە ناو خاکی عێراقدا هێرشیان دکرێتە سەر و لە هەموو بوارەکانەوە رێگری دەکری لە چوونی هاوکاری و ئیمکاناتی لۆجستێکی و مرۆڤیش بۆ ناو شاری ئەشرەف بە رێکخراوی تیرۆریستی تۆمەتبار کرد، دیارە پژاك و موجاهیدینی خەلق کە هەردووك ئۆپۆزسیۆنی ئێرانن و مێژوویيەك لە خەبات و بەرخۆدانیان لە دژی زوولم و دیکتاتۆرییەتی ئاینی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە و هەردووك خەبات دەکەن بۆ

گەیشتن بە مافە رەواکانی گەلانی ئێران، بەڵام بەراوەرد کردنی ئەم دوو ریَکخراوە لیَرەدا کرۆکی بابەتی من نییە و ئەوەی زیاتر جیَگای گومانە و مرۆڤ بەرەو رامانیَکی قووڵتر دەبات،بەبیَ بوونی هیَچ بەڵگەیەك لەو قۆناغەدا پارتی ژیانی ئازادی کوردستان لە لایەن (ئاغای زیَباری)وەك پارتیَکی تیرۆریستی ناوەزد بکری، دیارە بەریَز ئاغای زیَباری ئاگاداری ئەوە نییە کە ووشەی تیرۆر و تیرۆریستی ماوەی ٣١ ساڵە بەسەر نویَنەر و هەوتا ئیَرانییەکی خۆیدا لە لایەن کۆمەڵگای نیودەولەتیەوە سەپاوە و ئیَران محکووم کراوە بە وڵاتی تیَرۆر و سیَدارە و گەشەپیَدانی تیَرۆریزم لە ناوچەکەدا بە گشتی و لە عیَراقی داروخاوی دوای پرۆسەی ئازادی کە ئیَستا ئاغای زیَباری نویَنەرایەتی دەکات لە وڵاتانی دەرەوە، بەتایبەتی کە عیَراقی ئیَستا زیاتر لە هەموو شۆنەکانی تر،بۆتە قوربانی دەستی ئەو گروپ و ریَ کخراوە تیرۆریستیانەی کە رۆژانە لە لایەن ئیَرانەوە پرچەك دەکرین بە مەبەستی تیَکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوخۆی عیَراق و بەبەردەوامی هەرەشەی کووشتن و تۆقاندن هەیە،لەسەر ژیانی هاوڵاتیانی سڤیلی عیَراقی بە گشتی، باشتر وابوو کە زیَباری لەبەری ئەوەی بەبیَ هیچ بەڵگەیەك هیَرش بکاتە سەر تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کەمیَك بیری لەوە کردبایەوە، کە ئەوە پژاك نییە کە پشتگیری لە تیَرۆر و ئاژاوە و تیَکدانی رەوەشی ئارامی ناوچەکەی دەکاتەوە، بەڵکوو ئیَران و نویَنەرەکەیەتی کە لە پاڵ هەموو کردەوەکانی لە ناوخۆ و دەرەوەدا بۆتە مەترسییەکی هەرە گەورە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکدا و جیهاندا.

ئەم لیَدوانەی ئاغای زیباری کە دوورە لە هەموو بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی و نەتەوەیی و لەگەل هیچ پەرنسیپیَکی دیپلۆماسیش ناگونجی ئەگەر بە روویەکی تریشەوە لیَکدانەوەی لەسەر بکەین، دیارە ئەوە بۆ جاری یەکەمین نییە کە ئاغای زیباری بەو شیَوەیەی تەڤگەری ئازادیخوازی نەتەوەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان بە مۆرکی تیَرۆریستی محکوم دەکات،لەبەرامبەر داگیرکەری کەمالیزمیشدا بە هەمان شیَوە پارتی کریکارانی کوردستان یەکەکەی کە نویَنەرایەتی ٢٥ ملیۆن کورد دەکات لە پارچەی باکوری کوردستان بە تیرۆریست وەسفکردبوو، ئەورۆ بەهەمان شیَوەی دووبارە پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك) کە یەکیَك لە پارتە چاڵاکەکانی ئیَستای رۆژهەلاتی کوردستان و ماوەی چەندین ساڵە

به بەردەوامی لەسەر سنوورەکان و ناوخۆی ئێران خەباتی خۆی سیاسی و چەکداری دەمەشێنیت لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و قورساییەکی بەرچاوی هەبوە لەسەرداکۆکی کردن لە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەر ئەمەێش وایکردوە کۆماری ئیسلامی کە بۆ خۆی بە وڵاتێکی تێرۆریستی محکوم کراوە، بکەوێتە پلانگیری لەدژی پژاك و بە رێکخراویکی تێرۆریستی بناسینی کە لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیلیەوە پشتگیری لێدەکری، ووشەی تێرۆریست بۆ پژاك لە لایەن ئێرانەوە بکار دی، بەڵام بۆ وەزیری دەرەوی عێراق کە بۆخۆشی کوردبیَ و بەو شێوەیەی بکەوێتە پاڵپشتیکردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران و لە رۆانگەی ئێرانەوە خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات وخوێنی شۆرشەکانی بخاتە خانەی تێرۆرەوە، جێگای قەبووڵکردن نییە و پەیویستە کە بە هەموو شێوەیەکی لەدژی ئەو لێدوانەی کە بۆ مرۆڤی سیاسی کورد جێگای شەرمە هەڵویست وەربگرین.

پێش هەموو شتێك ئەگەر سەیری نۆ سالیَ رابردوو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی و عێراق بە تایبەتی بکەین دەبێنین کە کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران زۆرترین کاری تێرۆر و تێکدانی ئەنجامداوە لە عێراق بە تایبەتی و ناوچەکدا بە گشتی، ئەوەش هیچ پەیوەیست بە بەڵگە ناکات،چۆن زۆرترین بەڵگە لەبەردەستدایە لەسەر دەستێوەردانەکانی سوپای پارسداران و هێزی قودس و وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراقدا، هەر لەمەسەلەی پرچەك کردنی گروپ و رێگکخراوە تێرۆریستیەکانی شیعەی عێراق بۆ مەبەستی هێرشکردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی لەبەر چاوە،هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش بە هەمان شێوە لە مەسەلەی گروپ و ریکخراوە بەناو ئیسلامیەکان و گروپەکانی قاچاغی ماسەر ِ کەرەکاندا بە روونی دەبێنیرە، ئێران کەئێستا بە هەموو شێوەیەك کەوتۆتە ژێر کاریگەری گەمارۆی کۆمەڵگای جیهانیەوە لە رێگەکانی خۆ دەربازکردن دەگەری بۆ ئەو قەیرانانەی کە ئێستا لە ناوخۆدا باڵی کێشاوە بەسەر هەموو کایەکانی دەسەڵات و ژیانی هاوڵاتیاندا، کردنەوەی ساحەیەکی نۆی ئابووری بۆ کۆمپانیاکانی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بەگشتی بۆتە بەشێکی سەرەکی لەو سەردانە دیپلۆماسیانەی ئەم دوایەی نێوان عێراق و ئێران.

بەڵام لێرەدا ناتوانین خۆمان لەو بابەتە سەرەکیە بدزیینەوە کە بەپێی بەڵگە و لیدوانی بەرپرسانی ئەمریکاییش ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێرانە حکوومەتی عێراق بەریوە دەبات، رۆڵ و قورساییی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران لە هەموو کایەکانی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و رۆشنیێری و کۆمەڵایەتی عێراقی ئێستادا بەرچاوە و ئاغای زێباری لەبەری ئەوەی فتوای تێرۆریست بوونی پارتێکی شۆرشگێری کوردی بدات لە رۆژهەڵاتی کوردستان با کەمێك بیری لە عێراقی داگیرکراوی دوای پرۆسسەی ئازادی کردبایەوە، کە ئێستا دووبارە داگیرکراوە لە لایەن ئێرانی هاوپەیمانی ئاغای زێباریەوە.

لە بارەی ئەو ڕێوشوێنانەیش کە ئێران بۆ پاراستن و بەردەوامبوونی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراقدا دەیانگرێتە بەر ،پەیوەیستە ئاماژەی بەوەش بکەین کە ئێران ڕێگە بەوە نادات جارێکی دیکە بەغدا قورساییەکی سەربازی لە ناوچەکەدا بە دەست بێنێتەوە، پرۆژەی دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمەریکایش لەو وڵاتەدا بە هەمو توانایەکییەوە هەرەس پێ دێنێت.

پاڵپشت بە بەڵگەنامەکانی ویکیلیکس،لە کاتی ئێستادا، ئێران کۆنترۆڵی زۆربەی داهاتەکانی عێراقی کردووە و چۆنێتیی خەرجکردنی ئەو داهاتە لەلایەن تارانەوە دەستنیشان دەکرێت. لێرەدا هیچ سیاسەتێکی دیکە شوێنی سیاسەتەکانی ئێران لە عێراقدا ناگرێتەوە، بۆیە لێدوانی بەرپرسانی عێراق لەمەر مەسەلەی ڕێکخراو و پارت و لایەنە سیاسیەکانی پارچەکانی تری کوردستان کە لە ناو خاکی عێراقدا جێگیر بوونە رەنگە داهاتوویەکی لەوەش رەشتر چاوەڕێیان بکات.